# کاریگـەری ژینگـەی سروشتی لـەسەر جلوبـەرگی هـەورامی

## توێژینـەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیە لـەسەر جلوبـەرگی پیاوانـەی میللی لەناوچـەی هـەورامان

**د.هێمن باقر عبدول**

**بەشی کۆمەڵ ناسی کۆلێجی زانستە مرۆڤیەتییەکان، زانکۆی سلێمانی .**

**hemin.abdul@univsul.edu.iq**

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٩\١٨ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\١٠\٦

**پێشەکی**

جلوبەرگی کوردی، یەکێکە لەو ئایتمانەی دەتوانێت گوزارشتێکی راستەقینە لە قوڵایی کولتووری کورد بکات.بەتایبەتی جلوبەرگی میللی ناوچەی هەورامان کەتارادەیەکی زۆر رەسانەیەتی خۆی پاراستووە و تایبتمەندییە سەرەکیەکانی خۆی لەدەست نەداوە.

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی سروشتییە لەسەر جلوبەرگی پیاوانەی میللی لە ناوچەی هەورمانی کوردستانی باشوور ئەو پرسیارە خراوەتە روو،پەیوەندی چییە لە نێوان جلوبەرگی پیاوانەی میللیی لە ناوچەی هەورامان و ژینگە سروشتیکەیدا؟،بەمانایەکی دیکەکئەو ژینگە سروشتییە چۆن کاریگەری داناوە لەسەر جۆر و رەنگ و شێوە و قەبارەی هەر پارچەیەکی جلوبەرگی پیاوانەی هەورامی،بۆ ئەم کارە پشت بە میتۆدی وەزیفی بەستراوە،بۆ زانینی وەزیفەی هەریەکێك لەو پارچانەی جلوبەرگ لەروانگەی وەڵامدانەوەی ژینگە سروشتییەکەوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتییە لەوەی جل و بـەرگی پیـاوانـەی میللی ناوچەی هەورامان خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیە کە تارادەیەکی زۆر وەڵامدانـەوەی ژینگـە سروشتیەکەیە.هەروەها پارچە جیاوازەکانی جلوبەرگی پیاوانەی میللی ناوچەی هەورامان هەریەکەیان وەزیفەیەکی تایبەت و دیـاری کراویـان هەیە کە گونجـاوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگـە سروشتیەکەی هەورامـــاندا .

**یەکەم: توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوە**

١..کێشەی توێژینەوەکە

جلوبەرگ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی کولتووری مادی هەر کۆمەڵگەیەک، وەک نیشانەی ڕاستەوخۆی جۆری ژیان و دنیا بینینی کۆمەڵگەکان دادەنرێت .هەموو کۆمەڵگەیەک خاوەنی جلوبەرگی تایبەتی خۆیەتی، کە ڕەنگدانەوەیەکی


SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

ڕاستەوخۆی ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی، بە تایبەتی جلوبەرگی پیاوانەی میللی ناوچەی هەورامان ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر تێگەیشتن لە کولتوور و کۆمەڵگای هەورامی بەشێوەیەکی گشتی.

بە شێویەکی سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

پەیوەندی نێوان جلوبەرگی پیاوان و ژینگەی سروشتی ناوچەی هەورامان چییە؟

٢.گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەك، بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەت لە سنووری بابەتەکەی خۆیدا، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەوەی کە دەتوانێت دەروازەیەك بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەسەر جلوبەرگی نەریتی کوردی، بە تایبەتی جلوبەرگی پیاوانەی ناوچەی هەورامان، لەژێر ڕووناکی کەریگەریی ژینگەی سروشتی.

ئەم توێژینەوەیە، هاوکار دەبێت بۆ ئەوانەی لە بواری کۆمەڵناسی ژینگە و ئیکۆلۆژیای مرۆیی کار دەکەن، چۆن ژینگەی سروشتی هەورامان کاریگەرە بە جلوبەرگی تەقلیدی ناوچەکە .ئەمەش بە تایبەتی هاوکاری دەکات بۆ ئەوانەی لە بواری پرسی کەلەپوری کوردی کار دەکەن، تا گرنگی زیاتر بدرێت بە شمەکە کەلەپورییەکان و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی.لە کۆتایدا، ئەم توێژینەوەیە باشتر ووردەکاری پەیوەندی نێوان جلوبەرگی پیاوانە و ژینگەی سروشتی ناوچەی هەورامانی خستۆتە ڕوو.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکان،دەکرێت بۆ ڕێنماییکردنی سیاسەتە ژینگەییەکانی پەیوەست بە پاراستنی کولتوور و ژینگەی سروشتی لە ناوچەی هورامان بەکاربهێنرێت.

**٣.**ئـامـانجی توێژینـەوەکـە:

١-خستنــەڕووی تەواوی ئەو جلوبەرگە میللیـانەی کە پیـاوان پۆشیویانە لەناوچەی هەورامان .

٢-خستنــەڕووی کاریگـەری ژینگـەیی سروشتی هەورامان لەسەر جلوبەرگی میللی ناوچەکە .

٣-خستنەڕووی وەزیفەی هەر یەکێك لەو پارچە جلوبەرگە میللیـانەی کە پیـاوان پۆشیویانە لەناوچەی هەورامان .

٤.سنووری توێژینــەوەکـە:

١-سنووری شوێن : ئەو ناوچە جوگرافیەی کە بە هەورامان دەناسرێت لە کوردستانی عێراق و ئێران .

٢-سنووری مــادی : سەرجەم پارچەکانی جل و بەرگی تەقلیدی پیاوان لەناوچەی هەورامان .

٣-سنووری کـــات : ماوەی ئەنجامدانی توێژینـەوەکـە لە بەرواری (٢٠٢٣/١٠/١ - ٢٠٢٣/١/٣٠)

**٥**.میتۆدی توێژینــەوەکـە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، دوو میتۆدی سەرەکی تێدا بەکارهێنراوە :

یــەکــەم : میتۆدی ئــەسـنۆگرافی :

کە بریتیە لە کۆکردنــەوەی زانیـاری پۆلێنکردن و شیکردنــەوەیـان بەشێوەیەکی زانستی .

دووەم : میتۆدی وەزیفی :

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەزیفی بەستراوە کە بریتیە لەو مەبەست یان ئامانجەی کە لە پێناویدا شتێك بوونی هەیە ، یان ئەو سوودەیە کە شتێك بەدی دەهێنێت ، بەم پێیەش هەموو دەستکەوتێکی مادی و مەعنەوی دەگرێتەوە کە وەزیفەیەکی دیـاری کراویـان هەیە لەژیـانی مرۆڤدا.(محجوب ، ١٩٧٤ ، ٩٧)

**٦**.ئـامرازی كۆكردنــەوەی زانیـاری:

أ. چـاوپێکـەوتن لەگەڵ شـارەزایـان :

چـاوپێکـەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی شـارەزای ناوچەی هەورامان بۆ دەستکەوتنی زانیـاری وورد لەسەر جلوبەرگە تەقلیدیەکانی ناوچەی هەورامـان و پێکهـاتەیان و شێوە و کەرەستە بەکارهێنراوەکان تیایدا و چۆنیەتی و سوود لێوەرگرتنیـان .

ب. تێبینیکـــــــردن :

بەکارهێنــانی ڕێگـەی تێبینیکردنی زانستیانە بۆ تێگـەیشتن لە پێکهاتە و تایبەتمەندی هەر یەکێك لەو پارچە جلوبەرگانە .

**٧**.پێنـاسەی چـەمك و زاراوەکـان:

**ا**. ژینگـەی سروشتی Physical Environment

بریتیە لە خەسڵەتە سروشتی و فیزیکیەکانی هەرێمێکی دیـاریکراو کە مرۆڤی تێدا دەژی ، پێك دێت لە ئاو و هەوا و بەرزی و نزمی و خەسڵەتە جوگرافیەکانی ناوچەیەکی دیـاریکراو.(وفاء محمد علی ، ٢٠١٤ ، ٨)،هەروەها دەتوانرێت بوترێت مەبەست لە ژینگـەی سروشتی هەموو ئەو شتانەیەکە دەوری مرۆڤی داوە وەك خاك و خۆڵ ، بەرزونزمی و ئـاو و هەوا و ڕووەکە سروشتی و ئاژەڵیەکان، ئەم ڕەگـەزانەش هەرچەندە سەربـەخۆی لە یەکتری بەڵام لەڕووی وەزیفیـەوە پەیوەستن بە یەکترەوە جیاوازی لە ژینگـەی سروشتیدا دەگەڕێتـەوە بۆ جیاوازی ئەم ڕەگەزانە.(علی، ٢٠١٤ ، ٩)

**ب**. جل و بەرگی میلی (تەقلیدی) Traditional Costumes

جۆرێکە لەجل و بەرگ کە لەناو کۆمەڵ یان کۆمەڵگەیەکی دیـاری کراودا بوونی هەیە و لەنەوەکانی پێشووەوە ماوەتەوە ، ئەم جۆرە جل و بەرگە سەرەتایەکی دیاری کراوی نیە و دیزاینەرێکی دیاریکراویشی نیە ، زیـاتر ڕەنگدانــەوەی داب و نەریتی کۆمەڵگەیە ، هەروەها ڕەنگدانــەوەی شێوازی ژیـانی مـادی و کۆمەڵایـەتی و فکری کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی گشتی . (لیلی صـاڵح و تهـان نـاصر،٢٠١٢ ، ١١٦ )

**Commented [ji١]:** میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، لە دوو میتۆدی سەرەکی بەکاردەهێنرێت:

أ-میتۆدی ئــەسـنۆگرافی:

ئەم میتۆدە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری پۆلێنکردن و شیکردنەوەیی بە شێوەیەکی زانستی. ئەم روشتە بە شێوەیەکی عمیق بەرزەنگەوە پەیوەندیدانی زانیاری و بەرزاندنی مێژووی کلتور و سۆشیاڵ بەرز دەکات. لە ڕووی تەنظیم و شێوەی نوسینی زانیاریەکان، ئەم میتۆدە دەتوانێت زانیاری تایبەتی بەرز بکات و کلتورەکان بەرز بکات.

ب-میتۆدی وەزیفی:

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی وەزیفی بەستراوە، کە بریتیە لەو مەبەست یان ئامانجەیە کە لە پێناویدا شتێك بوونی هەیە، یان ئەو سوودەیە کە شتێك بەدی دەهێنێت. بەپێی یەش هەموو دەستکەوتێکی مادی و مەعنەوی، کە مرۆڤ وەزیفەیەکی دیاری کراویان هەیە لەژیانی مرۆڤدا. ئەم میتۆدە دەتوانێت دقتی و شفافیت بەرز بکات و کەشەکان و چالاکییەکان بە شێوەیەکی جیاواز و واضح پەیوەندیدانی بەرز بکات.
نتیجە:
بە شێوەیەکی گشتی، ئەم میتۆدەنە بەرزەنگەوە بەرپرسیاریکردنی زانیاری و پاراستنی دقت و شفافیت لە توێژینەوەکانە. ئەم میتۆدەکان دەتوانن لە نێو توێژینەوەیەکاندا پەیوەندیدانی مێژووی کلتور و پەیوەندیدانی سۆشیاڵ و بەرز بکەن، لە کاتی هەوڵدان بەرزەنگەوە کە دەتوانێت بەرپرسیاریکردن لە زانیاری و بەرزاندنەوەی کلتور بەرز بکات.

**Commented [ji٢]:** ئەبێ لێرە باس لەو بکەی کە چەند کەست بەنموونە وەرگرتووە وچاو پێکەوتنت لە گەڵیان ئەنجامداوە

پێناسەی ئیجرائی زیاد بکرێت

پێناسەی ئیجرائی:

مەبەست لەجل و بەرگی تەقلیدی (میللی) لەم توێژینـەوەیەدا بریتیە لەجل و بەرگی تەقلیدی (میللی) ناوچەی هەورامان بەتایبەتی جل و بەرگی تەقلیدی پیاوان کە لەم توێژینەوەیەدا جەختی خراوەتە سـەر .

**دووەم:پەیوەندی نێوان جلوبەرگی هەورامی و ژینگەی سروشتی**

**١.جوگرافیـای هـەورامـان :**

هەورامان ناوچەیەکی جوگرافی شێوە سێگۆشەییە ، دەکەوێتە ڕۆژ هەڵاتی پارێزگـای سلێمـانی و ڕۆژئـاوای پـارێزگاکانی سنە و کرماشان . هەریەکە لەشارە کوردیەکانی هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق و پاوە و مەریوان لەڕۆژهەڵاتی کوردستـان (کوردستـانی ئێران) گۆشەیەکی ئەو سێگۆشەیە پێکدەهێنن . (ڕۆستـەم ،٢٠١١ ، ١٨)

زنجیرە چیای زاگرۆس بەشێوەیەکی سروشتی ئەم ناوچەیەی دابەشکردووە بۆ دوو بەش کە ئەوانیش بریتین لە هەورامانی ڕۆژهـەڵات (هەورامانی تـەخت) هەورامانی ڕۆژئـاوا (هەورامانی لهۆن) . (حەمەصـاڵح ، ٢٠٠٦ ،٢٦)

ناوچەی هەورامان بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ناو سنووری نێودەوڵـەتی عێراق و ئێرانـەوە و بەهێڵێکی سنووری کە بە (هێڵی هومـایۆنی) ناسراوە کراوە بە دوو بەشەوە ، ئەو هێڵە سنووریە لەساڵی ١٨٤٨ کراوە بە بنەمای جیاکردنـەوەی سنوور لەنێوان هەردوو دەوڵـەتی قاجاری و عوسمانیدا پاشان لەساڵی ١٩٠٥ لە لایـەن دەستەیەکی تایبەت بە سنوور بەتەواوی پەسەندکراوە . (ڕۆستـەم ، ٢٠١١ ، ١٩)

بەپێی ئەم ڕێکـەوتننامەیە بەشێك لە هەورامانی لهۆن بەر دەوڵـەتی عێراق کەوت و بوو بە بەشێك لەخاکی عێراق ، بەشی زۆری هەورامانیش کە بەشێك لە هەورامانی تەخت دەگرێتـەوە خرایە سەر دەوڵـەتی ئێران و بوو بە بەشێك لە خاکی ئێران .

سنووری جوگرافی ناوچەکە نزیکـەی (٣٠٠٠ – ٣٥٠٠ کم٢) دەبێت بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییە شاخەکانی بەشێك لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پێك دەهێنێت.(ڕۆستـەم ، ٢٠١١ ، ١٩) ئەم ناوچەیە دەکەوێتە سەر هێڵی پـانی (٣٥) پلـە و هێڵی درێژی (٤٦،٤٥) پلە.

بەرزی ئەم ناوچەیە لەڕووی دەریـاوە (١٢٧٠ – ٣٣٩٠) مەتر دەبێت، بوونی ئەم شاخانە هۆکارە بۆ گلدانـەوەی بـای شێداری هـاتوو لە دەریـای نـاوەڕاستـەوە و بـارینی بـاران و بەفر بەسەر ناوچەکەدا.ئـاو و هەوای ناوچەکە لەزستاندا سـاردە و لە مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبـەنداندا دادەبەزێت بۆ ١٠ – ٢٠ پلەی ژێر سفر، بەم هۆیەشەوە بەفر و بارانێکی زۆری لێدەبارێت و بەشی زۆری ناوچەکە لە یەکتری دادەبڕێت.( بەهمەنی ، ٢٠٠١ ،٢٥٠)

بە هاوینانیشدا فێنك و مام نـاوەندە ، لەبەهار و پایزیشدا ئـاو و هـەوای مـام نـاوەندە و باراناوییە ، کەوتۆتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوە و ساڵانە زیـاتر لە (٦٠٠) ملم بـارانی لێدەبـارێت(عـەبدوڵا غـەفور،٢٠٠٠ ،٥٥)

بەهۆی ئـاو و هەوا و پێکهـاتـەی بەرزی و نزمیەکەیەوە هەورامان دەوڵەمەندە بەڕووەکی خۆرسك و سەرچاوەی ئاوی زۆر و هەمەجۆری ئاژەڵ و بـاڵندە کێویەکانی ، کە یەك لەگەڵ ئەوی دیکەدا پەیوەندی هەیە و کار لەیەکتری دەکـەن . (حەمەصـاڵح ٢٠٠٦، ٣٢)

**٢:پـەیوەندی نێوان کولتور و ژینگـــە**

بە بڕوای بیرمسلاڤ مالینۆفسکیMalino Wski.B ،جیـاوازی سەرەکی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ئەوەیە کە ئاژەڵا پێداویستیەکانی پڕدەکاتەوە بەو شێوەیەی کە ژینگە بۆی دیـاری کردووە . بەڵام مرۆڤ تواناییەکەی گەورەی هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و دۆزینــەوەی ڕێگـەی جۆراوجۆر بۆ پڕکردنــەوەی ئەو پێداویستیانە .(محجوب،١٩٧٥ ، ٩٦)

بەبڕوای مالینۆفسکی جەوهەری کولتوور بریتیە لەو ڕێگـە جۆراوجۆرانەی کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر یان بەکاریدەهێنێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگـــەدا. مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی زیندووهەوڵ دەدات بەردەوامی بە ژیانی بدات لەڕێگـەی خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، بەم هۆیەشەوە هەوڵی دروستکردن و دۆزینــەوەی ئامرازی جۆر بەجۆر دەدات بۆ زاڵ بوون بەسەر ژینگـەدا. لەم ڕێگـەیەشەوە دەتوانێت ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت و پێداویستی و غەریزەکانی پڕبکاتەوە.(محجوب،١٩٧٥، ٩٧)

هربرت سبنر (Herbert Spncer) جەختی لەوە کردۆتەوە کە کولتوور دەرئەنجامی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا . هەروەها پێی وایە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگـەی سەرەتایدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاریگـەربووە بەژینگـەی سروشتی یان وەك ئەو ناوی ناوە (ژینگـــەی ئـەندامی).( انغليز و هيوسون،٢٠١٣ ، ٣٥)

مرۆڤ و ژینگـە دوو یەکەی پێکەوە بەستراون و ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنـەوە ، هەموو کۆمەڵگەیەك پێکدێت لە هەرێمێکی دیـاری کراو کە بریتیە لە پارچەیەك زەوی بەدۆخێکی جوگرافی و ژینگـەیی تایبەت دەورە دراوە ئەم دۆخە ژینگەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیــانی مرۆڤ هەیە.(رشوان،٢٠١٦ ، ٩٧).

لەسەرەتای دەرکـەوتنی مرۆڤەوەلەسەر زەوی هەوڵی داوە سەرچاوەکانی ناو ژینگـەکـەی بەرهەم بهێنێت بۆ پڕکردنــەوەی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی لە پلەی یەکەم و پێداویستیە تەواوکاریەکانی لە پلەی دووەمدا .

بەشێوەیەکی گشتی سێ ئاراستە هەیە بۆ دیـاری کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە ئەوانیش ئەمانەن :

ا.حەقیقەتی جوگرافی : ئەم قوتابخانەیە باسی لە کاریگـەری حەقی و بێ چەند و چوون ژینگـەی سروشت دەکات لەسەر مرۆڤ . (عبدالمقصود،١٩٨١، ٩)

ب.ئەگەری جوگرافی : ئەم قوتابخانەیە باس لەوە دەکات کە کاریگەری جوگرافی حەقی و یەك ئاڕاستە نیە ، چونکە مرۆڤ ڕۆڵی هەیە لە ئاڕاستەکردنی کاریگەریە ژینگەیەکـاندا .

ئەم تیۆرە وەك بوونەوەرێکی پاسیڤ سەیر مرۆڤ ناکات بەڵکو وادەبێت کە ژینگـە چەند هەڵبژاردنێکی جیاواز پێشکـەش دەکـات و مرۆڤیش یەکێکیان هەڵدەبژێرێت . (عبدالمقصود ، ١٩٨١، ١١)

ج.قوتابخانەی هاوسەنگی جوگرافی : ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بە کاریگەری دوولایەنەی نێوان نێوان مرۆڤ و ژینگە هەیە و پێی وایە کە ژینگە و مرۆڤ هەردوو لایەن کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە مرۆڤ توانای خۆگونجاندن و تەنانەت دەستکاریکردنی ژینگەی جوگرافیش هەیە لەبەرژەوەندی خۆی هەروەها ئەم کاریگەریەش لە شوێنێکـەوە بۆ شوێنێکی دیکـە دەگۆڕێت لەهەندێك شوێن مرۆڤ توانای کاریگەری لەسەر ژینگە زۆرە لەکاتێکدا لەهەندێك شوێ،ی دیکەدا ئەم توانایە سنووردارە .( الرایانی: ٢٠٠٩ ،٥٧)

تیۆری وەزیفی مالینۆڤسکی لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیادا دەتوانێت بەتەواوی یارمەتیمان بدات لە شیکردنەوەی ئەم رەگەزە کولتووریانە.بەپێی ئەم تیۆرە هەموو رەگەزێکی کولتووری کەدێتەبوون،لەخۆوە و بە سودفە نییە،بەڵکو بۆ ئەوە دێت کە پێویستیەك لە پێویستیەکانی مرۆڤ پڕبکاتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە هەموو ئەو رەگەزە کولتوریانەی پەیوەندیان بە جلوبەرگی هەورامییەوە هەیە بۆ مەبەستێك و دابینکردنی پێویستیەك هاتونەتە ئاراوە.

**٣- پەیوەندی نێوان جلوبەرگی پیاوانەی هەورامی و ژینگەی سروشتی**

جلوبەرگ وەك جۆرێك لە جۆرەکانی کولتووری مادی هەر کۆمەڵگایەك تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەژینگەی سروشتیەوە هەیە ، بە تایبەتی جلوبەرگی کۆن و تەقلیدی کۆمەڵگا ، کە گوزارشت لە قۆناغە سەرەتایەکانی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و ژینگە دەکات ، لەکاتێکدا توانای مرۆڤ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە ، لەم دۆخەدا مرۆڤ هەوڵیداوە بەو توانا سنووردارەی هەیەتی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگە سروشتیەکەی و پاشان ژینگە کۆمەڵایەتیەکەشیدا، لەم ڕوەشەوە کاریگەری ژینگەی سروشتی لەسەر جلوبەرگ بەتەواوی دیـــــارە .

لەم ڕووەوە (د.حسين عبدالحميد أحمد رشوان) دەڵێت : "حەقیقەتی جوگرافی ئەو جل و بەرگانە دیاری دەکات کە مرۆڤ لەبەری دەکات ، ئاو و هەوای گەرم جل و بەرگێکی سوك و فراوان و ڕەنگی سپی دەخوازێت ، بەڵام ئاو و هەوای ســـارد ، مرۆڤ ناچار دەکات کە جل و بەرگی خوری و و قورس و ڕەنگ تێر و تەسك بپۆشێت ، بەمەبەستی پاراستنی پلەی گەرمی لەش و پاراستنی کەسەکە لەسەرما". (رشوان: ٢٠٠٦ ، ١١٤)

جل و بەرگی تەقلیدی کوردیش تاڕادەیەکی زۆر سیمای ژینگەی سروشتی پێوەدیـارە .(د.شـاكر خصبـاك) لەم بارەیەوە دەڵێت" جل و بەرگی کوردی بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ ژینگە سروشتیەکەیدا ئەم گونجاندنەش لەم لایەنانەوە دەردەکـەوێت" : شـەرواڵی کـوردی وادروست کراوە کە ئاسان بێت بۆ هەڵگەڕان بەشاخدا وە پارێزگاری لەبەشی خوارەوەی لەش بکات لەسەرما و گەرما .جامانەی کـوردی وادروست کراوە کەسەر بپارێزێت لەسەرما بەتەواوی .پشتێنی کوردی تایبەتمەندی زۆرە ، گرنگترینیان گەرمکردنـەوەی بەشی ناوەڕاستی لەشە لەسەرما . هەروەها یارمەتی بەپێوە وەستان دەدات لەکاتی هەڵگەڕان بەشاخدا .(خصباك: ١٩٧٢، ٤٤)

**یەکەم: مشکی:**

پارچەیەك قوماشی لاكێشـەیی درێژە،درێژیەکەی لەنێوان (١ – ٢) مەتری چوارگۆشەدایە ، لە دەزوو دروست دەکرێت و لە لایـەن جۆڵاوە دەڕێسرێت. پاشان لە خومخانە بەڕەنگی جیاواز ڕەنگ دەکرێت. زیـــــاتر ئەم ڕەنگانەی بـــڵاوە: (ڕەشی سـادە ، ڕەشی خەت سوور ، ڕەشی خەتی سەوزی تۆخ و کـــاڵ) .

بەگشتی پیاوی کـورد لەکۆندا لەهەموو ناوچەکانی کوردستـان (جامانە) یان (مشکی) تایبەتی خۆی هەبووە . (مشکی) یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی هەورامان کە جیایە لەجامانەی ناوچەی سلێمانی و موکریـان ، بەڵام نزیکە لەگەڵ (مشکی) جافەکاندا، تەنها ئەوە نەبێت کە (مشکی) هەورامان خەتەکانی باریکە .

بەناوبانگترین (مشکی) هەورامان (مشکی) داود بەگیە کە ڕەنگی ڕەشە و خەتی سەوزی تۆخی تێدایە . ئەمەیان زیاتر

Commented [ji٣]: لێرە ئەتوانی چەند وێنەیەک بەکاربهێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی

بەگەکانی هەورامان لەسەریان کردووە و نیشانەیەکیش بووە بۆ جیاوازی چینی کۆمەڵایەتی بەڵام مشکی ڕەشی خەت سەوزی کاڵ زیاتر بە (مشکی سەیدی) ناسراوە و نیشانەی پایەی ئاینی و ڕەمزی جیاکـەرەوەی سەیدەکانی ناوچەی هەورامانە کە پێیان وایە لەڕووی ڕەچەڵەکەوە دەچنـەوە سەر پێغـەمبـەری ئیسلام (محمد (د.خ)) .

د.شـاکر خصبـاك جەخت لەوە دەکاتـەوە کە (مشکی) و (جامانە) ی کـوردی پەیوەندی زۆری بە ئـاو و هـەواوە هـەیـە بە بڕوای ئەو هەتا بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستـان بڕۆین قەبارەی (جامانە) ی کوردی گەورەتر دەبێت بەهۆی بوونی سەرمای زیـاتر لەو ناوچانە .(خصبـــاك:١٩٧٢، ٤٤)

هەروەها دەڵێت لەکاتێکدا (جامانە) ی ناوچەی سلێمانی قەبارەیەکی مام ناوەندی هەیە، بەڵام (مشکی) لای جـــــاف و هەورامیەکان قەبارەکەی گـەورەترە. هەتاکو بەرەو بـاشوریش بڕۆین قەبارەی بچووکتر دەبێتـەوە.(خصبـــاك: ١٩٧٢، ٤٤)

(مشکی) هەورامی بەر لە وەزیفە کۆمەڵایەتیەکەی کە نیشانەی ناسینەوەی هۆز و تیرە و ناوچەیەکی دیـاریکراو و پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکە یان چینە کۆمەڵایەتیەکەیەتی . لەڕووی ژینگـەیشـەوە وەڵامدانـەوەیـەکی ژینگـەی سروشتی ناوچەکەیە و ئامانجەکەی پاراستنی سەر و گوێچکەیە لە سەرمای سەختی ناوچەکە .

**دووەم: کــــڵاو:**

لە بەن دروست دەکرێت و بەدەست دەچێنرێت ، هەندێ جاریش نەخش و نیگاری تایبەتی لەسەر دروست دەکرێت و چەند ڕەنگێکی جیاوازی هەیە . بەزۆری لەگەڵ (مشکی) پێکـەوە دەبەسترێن و لەسەر دەکرێن ، هەندێ جار بە تەنیا بە بێ (مشکی) لەسەر دەکرێت ، بەتایبەتی لەتەمەنی گەنجێتیدا .

**سێیەم: ڕانك و چۆغـەی (شـــــاڵ):**

جل و بەرگێکی تەواو کوردییە ، هەر لە کەرەستە سەرەتاییەکانەوە تا دەگاتە دیزاین و دوورینی ، هەمووی لەناوخۆدایە و بەدەستی خۆماڵی دەکرێت ، هەرچەندە وەك پۆشاکێکی نەتەوەیی (نەتەوەی کورد) لەزۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بڵاوە . بەڵام هەورامیەکان جەخت لەوە دەکەن کە ئەوان داهێنـەری ڕاستەقینـەی ئەو جل و بەرگـەن .

شـاڵ پۆشاکێکی گرانبەهایە ، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە دروستکردنیدا بەشداری دەکـەن لە تووکی بزنی (مەرەز) دروست دەکرێت ، جۆری زۆرە وەك (خورمـایی ، کـەشی ، سپی ، شینکی) سوکە و گەرمە بۆ زستـان و فێنکە بۆ هـاوین ، بە دوو قۆنـاغ بەرهەم دەهێنرێت ، قۆناغی یەکەم ڕەگـەزی مێ دەستی پێ دەکات لە شتن و شیکردنـەوە و پـاککردنـەوە و ڕستن تا دەیکاتە گڵۆڵــە ، قۆنــــاغی دووەم ڕەگـەزی نێر تەواوی دەکـات لەڕێگـای وەستـاوە کەپێی دەوترێت (جۆڵا) دەبێت جۆڵا ڕەگەزی نێر بێت چونکە ئەو قۆناغە پێویستی بە ماندووبوون و هێز و توانای زۆر هەیە کە لەتوانای ڕەگەزی مێدا نیـە . جۆڵا شاڵەکەدروست دەکات و دەیکاتە پارچـەی درێژ کە درێژیەکەی جیاوازە لە (٣٠ – ٤٠) مەتر دەبێت و پـانیـەکـەی (١٠ – ١٥) سانتیمـەتر دەبێت دواتر دەنێردرێت بۆ بـەرگدروو ئەویش دەیدورێت و ئامادە دەکرێت بۆ لەبەرکردن .(حمەساڵح : ٢٠٠٦، ٢٥١)

بەشێوەیەکی گشتی ڕانکوچۆغـەی (شـاڵ) لە دوو بەش پێك دێت :

**١.چـاکـــــەت:**

بەشی سەرەوەی شاڵەکە بەچاکەت دەناسرێت کە لەملـەوە هەتا خوار کەمەر دەگرێتەوە و سنگ و پشت و قۆڵەکان دادەپۆشێت تا سەر دەستەکان .

**٢. شــەرواڵ:**

بەشی خوارەوەی لەش دەگرێتـەوە لە کەمەر هەتا قولەپێ .

بەشێوەیـەکی گشتی شـەرواڵی کـوردی لە (شـاڵ) یـان (قومـاش) دروستکرابێت تایبەتمەندی خۆی هەیە بەجۆرێك لەبەشی سەرەوەی فراوانـە و لە لای خوارەوەی قاچەکانی تەسك دەبێتـەوە ، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە ژینگە سروشتیەکەی سەپاندویـەتی. چونکە ڕۆشتن بە شاخ و داخ و شوێنی بەردەڵاندا پێویستی بەوەیە کە دەرقاچەکانی تەسك بێت و ئاسانکاری بکات بۆ ڕۆشتن و هەڵزنین بە شـاخدا .( خصبـاك : ١٩٧٢ ، ٤٤٠)

شاڵ یەکێکە لەو جل و بەرگانەی هەتا ئێستا توانیویەتی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات و بەجل و بەرگێکی گران بەها و بایەخدار دادەنرێت کە لەبۆنە و جەژنەکاندا لە لایـەن کەسانی دەوڵەمەندەوە لەبەر دەکرێت و نیشانەیەکە بۆ نیشاندانی دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتی و توانای ئابووری بەهێز لە ئێستادا جگـە لەناوچەی هەورامان لەناوچەی پشدەر و زاخۆش جلی شاڵ دروست دەکرێت . هەورامیەکان دەڵێن ناوچەکانی دیکـەی کوردستـان لەوانـەوە فێری پیشەکە بوون .

شاڵی هەورامی جیاوازی هەیە لەگەڵ شاڵی ناوچەی پشدەر و زاخۆ ، چونکە شاڵی ناوچەی هەورامان گۆل باریکە ، لە کاتێکدا شاڵی پشدەر گۆلەکانی تۆزێك پـانترە و شاڵی ناوچەی زاخۆ بە گۆل پانی ناسراوە . هەروەها شـاڵی هەورامی کێشی زیـاترە و قورسترە لەچاو دوو جۆرەکەی تردا ، لەبەرئەوە لە ئێستادا شاڵی ناوچەی پشدەر خواستی زیاتری لەسەرە .

**چوارەم: فەقیـانـە:**

پارچەیەك قوماشی لاکێشـەی سپیە جاران لە (خامی لۆکە) دروست دەکرا درێژیەکەی (٥٠سم) و پانیەکەی (٢٥سم) دەبێت ، گۆشـاوگۆش دەبردرێت و پاشان دەخرێتە سەر یەك و بەتەقەڵ دەدورێت بەیەکدا و لە کۆتایدا شێوە سێگۆشەیەکی درێژکۆڵە دەردەچێت .

لە گۆشەیەکی لا پانەکەیدا کونێکی بازنەیی تێدەکرێت و لاستیکی تێدەکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە مەچەکەوە پاشان بەسەر چۆغەکەدا و بەدەوری قۆڵدا هەڵدەپێکرێت لە کۆتایدا وەك پارچەیەکی سپی بەسەر چۆغەکەوە دەردەکەوێت ، هەندێ جار تەنها مەچەك و هەندێ جاریش تا ئەنیشك دادەپۆشێت لەهەندێ کاتیشدا بەرەوخوار شۆڕدەبێتـەوە .

فەقیانە جگە لە وەزیفە جوانکاریەکەی لەوانەیە هێمایەکی نەتەوەیی یان ئاینی بێت بە تایبەتی لەکاتی هەڵپەڕین لەبۆنە نەتەوەیی و ئاینیەکاندا .

بە ووتەی خودی هەورامیەکان خۆیـان فەقیانە وەزیفەی دیکـەشی هەیە کە زیاتر دەیبەستێت بە ژینگە سروشتیەکەیەوە وەك ئەوەی لەکاتی بریندابوندا بۆ پێچـانی برین سوودی لێوەرگیراوە . چونکـە هەم دیزاینەکەی و هەم هەرزانی پارچەکەی یارمەتی دەدات کە بەکارهێنانی هەمەجۆری هەبێت .

**پێنجەم: پــەستــەك:**

لە مەرز ئەڕێسرێ،پاشان جۆڵا لەشێوەی پارچەی باریك باریكدا ئەیرێسێت ، دواتر بەتەقەڵی دەستی ئەم پارچانە دەلکێنرێت بەیەکەوە،پەستەك لەشێوەی چاکەتێکی بێقۆڵدایە و پارچـەیەکی تاڕادەیەك قورسە و بەتەواوی ناوشان دەگرێت لە زستاندا گـەرمە و لە هاوینیشدا فێنکـە .

**شەشەم: کوڵـە بـاڵ (فـەرەنجی):**

لەخوری مـەڕ دروست دەکرێت ، لەپێشدا خوریەکە بەجوانی دەشۆرێتەوە ، پاشان شیدەکرێتـەوە دواتریش سپێنـەی هێلکـە و شـاوی لێدەدرێت و دەکوترێت تا بە تەواوی دەلکێن بەیەکدا.پاشان دەبڕدرێت و فەرەنجی لێ دروست دەکرێت لەشێوەی چاکەتدا .

فەرەنجی دوو جۆری سەرەکی هەیە قۆڵدار و بێ قۆڵ بێ قۆڵەکە لەسەر شانەکانی دوو گوێچکـەی هەیە ئەم گوێچکانە کە لەسەر شانەکانی بەرز بوونەتەوە جگە لە وەزیفە جوانکاریەکەی ، وەزیفەیەکی دیکـەشی هەیە کە بریتیە لە پاراستنی قۆڵ لەکاتی شەڕەشمشێردا هەروەها فەرەنجی جگە لە گەرمیەکەی لە زستاندا و فێنکیەکەی لە هاویندا بەرگێکی سوکەڵەیە و بە ئاسانی یارمەتی جوڵان و کارکردن دەدات ، بە پێچـەوانـەی پاڵتـاوەوە کە لەکاتی کارکردندا بواری هەڵسوڕان بە باشی نادات .

**حەوتەم: پشتوێن:**

پارچەیەك قوماشی باریکی درێژە و لەکەمەر دەبەسترێت لەدەزوو دروست دەکرێت و جۆڵا دەیپێچێت . پشتوێن وەزیفەیەکی ژینگـەیی و ئاینیشی هەیە وەزیفە ژینگەیەکەی بریتیە لە پاراستنی ناوچەی (کـەمـەر) و (گورچیلـە) لەسەرمای سـەخت ، هەروەهـا یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەشی لەکاتی هەڵگەڕان بە شـاخدا . (خصبـاك : ١٩٧٢ ، ٤٤٠)

لە ئاینی زەردەشتیدا پشتوێنی سێ گرێی هێمایەکی ئاینی زەردەشتی بووە و ئاماژە بووە بۆ سێ بنەماکەی ئاینی زەردەشتی .(هەورامانی : ٢٠٠٢ ، ١٠٩٤)

هەتا ئەم دوایانەش لەناو بەتەمەنە دیندارە موسوڵمانەکانی ناوچەکە بینراوە کە گرێ یەکیان لە پشتوێنەکانیان داوە . (چاوپێکەوتنی کەیوان هەورامی ، شارەزای جل و بەرگی هەورامان : ٢٠١٦)

دیـارترین جۆری پشتوێنی هەورامی پشتوێنی هەجیجیە کە چەند ڕەنگێکی هەیە وەك (سـەوز ، سپی ، پەمـەیی ، سوور) .

**هەشتەم: پوزەوانــە:**

لەخوری دروست دەکرێت ، سەرەتا خوریەکە شیدەکرێتـەوە ، پاشان بە تەشی دەڕێسرێت و دەکرێتـە بەن ، بەنەکە بە شیشی تایبەتی و بەدەست دەچنرێت .

پوزەوانـە پارچەیەکی تایبەتە لە قولە پێوە هەتا نزیك ئەژنۆکان دەگرێتـەوە و لەژێرەوە قولاپێکی هەیە کە لەپاژنەی پێ گیر دەکرێت و لەبەشی سەرەوەشی دوو گونـەی پێوەیە بۆ قاعیکردنی پوزەوانە کە لەبەشی سەرەوە زۆربەی جار پوزەوانە بەسەر شەڕواڵدا دەبەسترێت . بەتەواوی شەڕواڵ کۆدەکاتەوە و کەسەکە گورج و گۆڵ و ئامادە نیشـان دەدات .

وەزیفەی پوزەوانە بریتیە لە پاراستنی قاچەکان لەسەرما ، هەروەها هەورامیەکان دەڵێن ئەو کەسەی کە پوزەوانەی لەپێدابێت و مـــار و دووپشك نایگەزێت و پێوەی نادات چونکـە وەك ئەوان ئەزموونیان کردووە مـــار و دووپشك دوژمنی (خورین) و لێی دووردەکـەونـەوە .هەروەهـا پوزەوانـە بەتەواوی بەشی خوارەوەی شەرواڵ کۆدەکاتەوە و قایم و گورجوگۆلی دەکات بۆ ڕۆشتن بەناو بـەردەڵان و هەڵگەڕان بە شـاخدا .

**نۆیەم: گـــۆرەوی:**

بەهەمان شێوازی پوزەوانە لەخوری دروست دەکرێت بەڵام تەواوی قاچەکان تا سەروو قولەپێکان دەگرێتـەوە . تایبەتمـەندی ئەوەیە لە زستاندا گەرمە و قاچەکان لەسەرما دەپارێزێت لە هاوینیشدا فێنکـە،جگـە لەوەی کە نـاهێڵێت زەبر بەژێر پێکـان بگـات و پەستانی دەرەکی لەسەر کەم بکــــاتـەوە .

**دەیەم: کڵێتـە:**

جۆرێکـە لە کڵاو کە لە خوری دروست دەکرێت ، خوریەکە شیدەکرێتـەوە پاشان بەتەشی دەڕێسرێت و دواتر دەکرێتـە بـەن و بە قولاپ یـان بە شیشی چنین دروست دەکرێت .
کڵێتە پارچەیەکی شێوە قوچەکیە کە لە ناوەڕاستیدا گوڵنەیەکی پێوەیە و دوو گوڵنـەی پانیشی لە هەردوو لایەوە شۆڕبۆتـەوە کە هەردوو گوێچکە بەتەواوی دادەپۆشێت لە زستاندا کڵێتەکە بە گوڵنکەکان لەژێر ملدا دەبەسترێت بەڵام لە هاویندا لەسەر تەوقی سەر گوڵنکەکان کۆدەکرێتـەوە و لە پشتە سەرەوە دەبەسترێت وەزیفـەی کڵێتـە پاراستنی سـەر و گوێچکـەیـە لە سەرمای زستـان و گـەرمـای هـاوین .

**یانزەیەم: کـڵاش:**

لە پەڕۆکۆن و دەزوو چـەرم دروست دەکرێت ، لە دوو بەش پێك هـاتووە بەشی ژێرەوەی پێی دەوترێت (ژێرە کـڵاش) لە پەڕۆ و چەرم دروست دەکرێت و وەستـای خۆی هەیە کەپێی دەوترێت (کڵاشکـەر) ئەم بەشەی کـڵاش زیـاتر ڕەگـەزی نێر دروستی دەکـات ، چونکـە پێویستی بەهێز و توانا ماندووبوون هەیە . بەشی دووەمی پێی دەوترێت (سـەرە کـڵاش) هەردوو ڕەگەزەکە دەیچنن ، ئەو کەرەستانەی بەکاردەهێنرێن لەدروستکردنی کڵاشدا جگـە لە پەڕۆ و چـەرم و دەزوو ئەمانەیە : (کۆنــە ، مشتـە ، درەوش ، دەقـاق ، تـەبـەنی ، ........ هتد) دواتـر ئەو دوو بەشە بەیەکەوە دەبەسترێت و شیرازە دەدرێن و ئامادەدەکرێت بۆ بەکارهێنـان.(حەمەصاڵح : ٢٠٠٦ ، ٢٥٠-٢٥١)
بە ووتـەی هەورامیەکان ئەم کاڵایە یەکەمجار لە شارۆچکـەی (نۆدشــــە هەورامانی دیوی ئێران ، خوارووی ڕۆژهـەڵاتی تـەوێڵـە) دروستکراوە بەڵام لە تەوێڵـەدا لە لایـەن حاجی ئەبو بـەکرەوە گۆڕانکـاری و جوانکـاری تێدا کـراوە ، بەجۆرێك نـاوی دەرکرد ئەو کڵاشانەی ئەو دروستی دەکردن بە کڵاشی ئەبوبەکری ناوی دەرکرد . (بەهمەنی:٢٠٠١ ،٢٦١)
کڵاش کاڵایەکی وەرزیە ، لەگەڵ ئـاو و تـەڕایی ناگونجێت سوکـە و فێنکـە ، قـاچ ناگرێت و بۆنیش ناکات ، گران بەهایە و ئەرك و ماندوبوون و خەرجێکی زۆری دەوێت ، زۆر بەرگە دەگرێت و قایمە ، ڕاست و چەپی نیە . (حەمەصاڵح : ٢٠٠٦ ، ٢٥٠)
بەڵام ئەگەر کڵاش پێڵاوێکی وەرزی بێت و بۆ تەڕێ و باران و بـەفر نەگونجاوبێت ئەی بە زستان و سەرما و سۆڵە چی لەپێ کـراوە لەناوچەی هەورامـان . کـەیوان هەورامی ، کە لەبواری کەلەپوری ناوچەی هەورامان کاردەکات دەڵێت :

"پێڵاوی زستانەی هەورامیەکان لەچەرمی گا دروست کراوە کە وەستای تایبـەتی دروستی دەکردن و بەپێڵاو دوور ناسرابوون" ، ئەمانە لە چەرمی گا پێڵاوی تایبەتیان دەدووریو پێستی بزنیـان بۆ خۆش دەکردوو وەك دەزوو بە سوژن پێلاوەکەیان پێ دەدوری . کـەیوان دەڵێت : "باپیرم لەکاتی خۆی لە تەوێڵـە دوکـانی پێڵاو دوورینی هەبووە و ئەم پیشەیەی کردووە".

کڵاش یەکێکە لەو کاڵا کەلتوریانەی کە بەکارهێنانی تەنها لەناوچە هەورامیەکان خۆیاندا نەماوەتەوە و سەرنجی بەشی زۆری خەڵکی کوردستانی ڕاکێشـاوە و کڵاشیـان لێ کڕیوون . بەم هۆیەشەوە وەك کاڵایەکی بازرگانیان پێوەکردووە و دەرامەتێکی مـاددی باشیان لێ دەست کـەوتووە . هەروەها یەکێکیشـە لەو کاڵایانەی کە توانیوویـەتی پارێزگـاری لە مـانـەوەی خۆی بکـات تا ڕۆژگـاری ئەمڕۆ و ئێستـاش لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا خەڵکێکی زۆر وەك پێڵاوی گرانبەها و بۆ دەستخستنی دەستڕۆیشتوییـان لەپێی دەکــــەن . جگـە لەوەش توانیویـەتی وەك کاڵایەکی نەتەوەیی کـورد خۆی بسـەپێنێت و لە لایـەن بێگانـەکـانـەوە وەك پیشـەسـازییـەکی تـەواو کوردانـە دەنـاسرێت،کە تەنها هێمـایـە بۆ نـەتـەوەی کــــورد .

**ئـەنجـام:**

١. لێکۆڵینەوە جلوبەرگی نەریتی لە ناوچەی هورامان کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوازە نیشان دەدات، کە ئاماژەیە بۆ قووڵایی پەیوەندی نێوان کولتوور و ژینگەی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا
٢. تایبەتمەندیان بەشە جیاوازەکانی جلوبەرگی نەریتی لە ناوچەی هەورامان هەریەکەیان ڕۆڵێکی تایبەت و بەرچاوی هەیە، بەو پێیەی ئەم تایبەتمەندیانە لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا دەگونجێت و وەڵامدەرەوەی ژینگەی سروشتییە.
٣.
٤. دیارترین بەشە جیاوازەکانی جلوبەرگی نەریتی پیاوانە لە هەوراماندا بریتین لە:مشکی ، کڵاو ، کلێتـە ، ڕانکوچۆغـەی شــــاڵ ، پـەستـەك ، فـەرەنجی ، فـەقیـانـە ، پوزەوانـە ، گۆرەوی ، کــــــڵاش،هەر بەشێک ڕەهەندێکی تایبەت بۆ ئەزموونی کولتووری ناوخۆیی زیاد دەکات و ڕەنگدانەوەی کارلێکی قووڵی نێوان مرۆڤ و ژینگەیە.
٥. جلوبەرگی نەریتی لە ناوچەی هەورامان ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازانەی بەردەوامییە کە خەڵکی ناوچەکە پەسەندیان کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان.
٦. ئەو زانیارییە نەریتیانەی کە بەدرێژایی نەوەکان بەدەست دەهێنرێن، ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕن لە دارشتنی پراکتیزە کولتوورییەکانی پەیوەست بە ژینگە، ئەمەش گرنگی گواستنەوەی ئەم زانستە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەهێزتر دەکات.
٧. ئەو فۆرمانەی هونەری دەسترەنگینی کە لە جلوبەرگی نەریتی ناوچەی هەورامان بەکارهێنراون،بەشدارن لە بەرزکردنەوەی ناسنامەی کولتووری ناوخۆیی و پێشکەشکردنی نوێنەرایەتییەکی بینراوی جوانییە سروشتییەکانی ناوچەکە.

Commented [ji٤]:

١.لێکۆڵینەوە لە نەریتەکانی جێڵ و بیرکاتی بیوانا لە ناوچەی هورامان کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوازە نیشان دەدات، کە ئاماژەیە بۆ قووڵایی ڕەگداکوتاوی کولتووری لە ژینگەی سروشتیدا.

٢.بەشە جیاوازەکانی جێڵ و بیرکاتی بیوانە ئەلتەلەدیس لە ناوچەی هورامان ڕۆڵێکی تایبەت و بەرچاویان هەیە، بەو پێیەی ئەم تایبەتمەندیانە لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا دەگونجێت و بەشدارن لە یەکگرتنی.

٣.بەشە جیاوازەکانی نەریتی جێڵ و بەرکییە لە هەوراماندا بریتین لە: ((مشکی ، کڵاو ، کلێتـە ، ڕانکوچۆغـەی شــــاڵ ، پـەستـەك ، فـەرەنجی ، فـەقیـانـە ، پوزەوانـە ، گۆرەوی ، کــــــڵاش ) .
٤.هەر بەشێک ڕەهەندێکی تایبەت بۆ ئەزموونی کولتووری ناوخۆیی زیاد دەکات و ڕەنگدانەوەی کارلێکی قووڵی نێوان مرۆڤ و ژینگەیە.

٥.حەوزی نەریتی و گۆمی بیوانە لە ناوچەی هورامان ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازانەی بەردەوامییە کە خەڵکی ناوچەکە پەسەندیان کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توانای خۆیان بۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و پاراستنی جۆراوجۆری زیندوو.
٦.ئەو زانیارییە نەریتیانەی کە بەدرێژایی نەوەکان بەدەست دەهێنرێن، ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕن لە دارشتنی پراکتیزە کولتوورییەکانی پەیوەست بە ژینگە، ئەمەش گرنگی گواستنەوەی ئەم زانستە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەهێزتر دەکات.
٧.ئەو فۆرمانەی هونەری کە لە نەریتی بیوانادا بەکاردەهێنرێن، وەک پەیکەرسازی و نیگارکێشان، بەشدارن لە بەرزکردنەوەی ناسنامەی کولتووری ناوخۆیی و پێشکەشکردنی نوێنەرایەتییەکی بینراوی جوانییە سروشتییەکانی دەوروبەری ناوچەکە.
٨.هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کاریگەرییان لەسەر پراکتیکەکانی کولتووری و ژینگەیی هەیە، ئەمەش داوای گرنگی پەرەپێدانی ستراتیژییەکان دەکات کە هاوکاری نێوان کۆمەڵگەی ناوخۆیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بواری پاراستنی ژینگەدا بەرز بکاتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**دەرئەنجامەکان**

١. پەیوەندییەکی نزیک بەیەکەوە لە ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کولتوری ناوخۆیی لە ناوچەی هورامان پەیوەندییەکی نزیک بە ژینگەی سروشتییەوە هەیە، بەجۆرێک پراکتیزە کولتوورییەکان ڕەنگدانەوەی بەها و پراکتیزە ئابوورییەکانی دانیشتووانن.
٢. توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە زانیاری نەریتی دانیشتوان بەشدارە لە بەردەوامیی سەرچاوە سروشتییەکان،ڕەنگدانەوەی حیکمەتی نەوەکانی پێشوویە لە بەڕێوەبردنی ژینگەدا.
٣. هەمەجۆریی کولتووری :بەشە جیاوازەکانی جلوبەرگی نەریتی بەشدارن لە بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری، هەمەجۆرییەکی دەوڵەمەند نیشان دەدەن کە میراتی کولتووری ناوخۆیی بەرز دەکاتەوە.
٤. هونەرە نەریتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرجەستەکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، چونکە ڕەنگدانەوەی جوانی سروشتییە و قەدرزانی کۆمەڵگاکان بۆ نەریتەکانیان بەرز دەکەنەوە.

**سەرچاوەکان:**


١. ئەیوب ڕۆستەم:هەورامان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی کلتووری) چاپی سێیەم،چاپخانەی کوردۆنیا،سلێمانی ، ٢٠٠١ .
٢. د.حسين عبدالحميد أحمد رشوان:البيئه و المعتع (دراسه فی علم الاجتماع البيئه)،المكتب الجامعی الحديث، قاهره، ٢٠٠٦ .
٣. د.زين الدين عبدالمقصود:البيئه و الانسان،مكتب المعارف الاسكندرية،١٩٨٨ .
٤. د.شاكر خصباك ، الاكراد،دراسة جغرافيه (اثنوغرافيه) مطبعه شفيق ، بغداد ، ١٩٧٢ .
٥. د.كامل الجاسم المراياتی : مقدمه فی العلم التبیؤ البشری،طبعه الثانية،منشورات بيت الحكمة،بغداد،٢٠٠٩.
٦. د.محمد أمين هەورامانی ، مێژووی هەورامان ، إنتشارات بلغ تهران،٢٠٠٢ .
٧. د.محمد عبد محجوب ، المجتمع (دراسة سوسيوانثروبولوجية) وكالة مطبوعات،كويت،١٩٧٤ .
٨. د.وفاء محمد علی:مدخل لدراسه البيئه ، مكتب العربی للمعارف قاهرة،٢٠١٤ .
٩. ديفيد انغليز وجون هيوسون:مدخل إلى سوسيولوجيا الثقافة ،ترجمة: لما نصر،مركز العربی للدراسات و السياسات ، بيروت، ٢٠١٣ .
١٠. ڕەشید هادی بەهمەنی:پەیامی هەورامان،چاپخانەی ژین،هەولێر،٢٠٠١ .
١١. عیزەت فەتاح حەمەصاڵح :هەورامان (توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنسرۆپۆلۆجی)،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٦ .
١٢. عەبدوڵا غەفور:جوگرافیای کوردستان،سلێمانی،٢٠٠٥ .


Commented [jio٥]: ١.دەرەنجامەکان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کولتوور و ژینگە لە ناوچەی هورامان:

٢.پەیوەندییەکی نزیک بەیەکەوە: ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کولتوری ناوخۆیی لە ناوچەی هورامان پەیوەندییەکی نزیک بە ژینگەی سروشتییەوە هەیە، کە پراکتیزە کولتوورییەکان ڕەنگدانەوەی بەها و پراکتیزە ئابوورییەکانی دانیشتووانن.

٣.بەردەوامیی سەرچاوەکان: توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە زانیاری نەریتی دانیشتووان بەشدارە لە بەردەوامیی سەرچاوە سروشتییەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی حیکمەتی نەوەکانی پێشوویە لە بەڕێوەبردنی ژینگەدا.

٤.هەمەجۆریی کولتووری: بەشە جیاوازەکانی نەریتی بیوانا بەشدارن لە بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری، هەمەجۆرییەکی دەوڵەمەند نیشان دەدەن کە میراتی کولتووری ناوخۆیی بەرز دەکاتەوە.

٥.پێویستی هۆشیاری: بەرەوپێشبردنی هۆشیاری لە گرنگی ڕۆشنبیری ناوخۆیی و ژینگە بە پێویستییەک دادەنرێت بۆ هاندانی نەوەی نوێ بۆ پاراستنی ئەم میراتە، کە بەشدارە لە گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام.

٦.ڕۆڵی هونەر: هونەرە نەریتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرجەستەکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، چونکە ڕەنگدانەوەی جوانی سروشتییە و قەدرزانی کۆمەڵگاکان بۆ نەریتەکانیان بەرز دەکەنەوە.

١٣. لعلى صالح و تهان ناصر: الازياء نساء التقليديه فى المنطقه الشماليه من مملكه العربيه السعوديه ، مجلة ثقافه الشعبيه،عدد ٢١٨،صيف،بحرين, ٢٠١٢.

**چاوپێکەوتن:**

١٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حاجی سابیر ، لەدایك بوی ١٩٦٩ ، شارەزا لە جل و بەرگی کۆنی هەورامان خاوەن پێشانگای پەیام لەشەقامی سابونکەران لە سلێمانی (٢٠٢٣/١/٢١) ، کاتژمێر (١:٠٠) دوای نیوەڕۆ .
١٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەیوان مەعروف حەملەالله کەرەم ، لەدایك بووی ١٩٧٦ ، شارەزا لە جل و بەرگی کۆنی هەورامان ، خاوەن پێشانگای کەلەپوری کەیوان هەورامی ، لەشەقامی سابونکەران لە سلێمانی (٢٠٢٣/١/٢١) ، کاتژمێر (٣:٠٠) دوای نیوەڕۆ .

Commented [ji٦]: کوا پرسیاری چاوپێکەوتن لە پاشکۆ داینێ

**ملخص:**

تأثير البيئة الطبيعية على الملابس التقليدية الهورامية :دراسة أنثروبولوجية عن الأزياء الرجالية القومية في منطقة هورامان

تُعدّ الملابس الكردية جزءًا أساسيًا من الثقافة الكردية، خاصةً الملابس التقليدية لمنطقة هورامان، التي حافظت إلى حد كبير على أصالتها وخصائصها الفريدة حتى يومنا هذا .يتناول هذا البحث تأثير البيئة الطبيعية على الملابس التقليدية الرجالية في منطقة هورامان الواقعة في جنوب كردستان، حيث نطرح السؤال التالي :ما العلاقة بين الملابس الرجالية التقليدية في هورامان وبيئتها الطبيعية؟ وكيف أثرت هذه البيئة على نوع الأقمشة، ألوانها، أشكالها، وأحجامها؟

اعتمدنا في هذا البحث على المنهج الوظيفي لفهم دور كل قطعة من هذه الملابس وكيف تستجيب لظروف البيئة الطبيعية .ومن أهم النتائج التي توصلنا إليها هي أن الملابس الرجالية التقليدية في هورامان تمتلك مجموعة من الخصائص التي تعد استجابة واضحة لمتطلبات البيئة الطبيعية .لكل قطعة من هذه الملابس دور محدد، يساعد في التكيف مع الظروف البيئية الخاصة بهذه المنطقة

**Abstract:**

**Kurdish clothing، particularly the traditional attire of the Hawraman regionThe Impact of the Natural Environment on Hawrami Traditional Clothing: An Anthropological Study of Men's National Garments in the Hawraman Region**

**Abstract:** Kurdish clothing, particularly the traditional attire of the Hawraman region, serves as a profound reflection of Kurdish cultural heritage. The traditional clothing of Hawraman has remarkably retained its authenticity and core characteristics over time. This study investigates the influence of the natural environment on men’s traditional clothing in the Hawraman region of South Kurdistan, specifically exploring the relationship between men’s national clothing and the local natural environment.

The research adopts a functional approach to analyze how each item of traditional Hawrami men's clothing is designed to adapt to the natural environment. The key findings indicate that traditional men’s clothing in the Hawraman region exhibits several features that are highly adaptive to the local environmental conditions.